# التحليل الجغرافى لتلوث البصرى فى مدينة كفرى(دراسة فى الجغرافية المدن)

**نرمين عبدالله محمد**
كلية التربية الاساسية ، قسم العلوم اجتماعيه
،جامعة گرميان ،كلار ، العراق
Narmin.abdulla.@garmian.edu.krd

**سەرکەوت حمەخورشید أحمد**
قسم الطب، كلية الطب، جامعة گرميان،
كلار ، عيراق
sarkawt.hamakhurshid@garmian.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** مدينة كفرى، التلوث، البصرى، اسباب التلوث البصرى.

**كيفية اقتباس البحث**

محمد ، نرمين عبدالله، سەرکەوت حمەخورشید أحمد، التحليل الجغرافى لتلوث البصرى فى مدينة كفرى(دراسة فى الجغرافية المدن)، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، كانون الثاني ٢٠٢٦،المجلد:١٦ ،العدد:١ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# Geographical analysis of Vision pollution in Kfri city)Research in the city geography)

**Sarkawt hamakhursheed ahmed**
. Department of medicine. College medicine. Gamian university.kalar .iraq

**Narmin abdullah Mohamed**
Department of social science. College of primary education.garmian university.kala.iraq

**Keywords** : Kfri City.Pollution.Vision.Causes of vision pollution.

**How To Cite This Article**
Mohamed, Narmin abdullah , Sarkawt hamakhursheed ahmed , Geographical analysis of Vision pollution in Kfri city)Research in the city geography),Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, January 2026,Volume:16,Issue 1.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**(Abstrac)**

Vision pollution is one of the environmental problems that are seen in most cities in the present era, but has a direct impact on people's mental and physical health, social values, and even on the economy of the region, visibility is one of The sensitive issues have been given great importance today. We must point out that the centers of urbanizations, especially the major cities of the world, especially in developed or newly developed countries, have become the place for the emergence of vision pollution. Many various problems.The aim of this study is to show the factors of vision pollution in kfri ,determining the impact of visual pollution on the city and the population.

Vision pollution is a genre of environmental disorders at the same time feeling uncomfortable when we look at a place that its beauty is distorted in such a way that it does not fit with the natural environment, water, religious and social values and civilizations. Kfri, which is located in the Garmian region of South Kurdistan, is a historical city that has a long history. The city has seen significant developments since 2003,

especially in recent years, but this development has not always been within a planned and organized framework. Currently, the city of Kfri has seen rapid growth in recent years due to the population growth and reconstruction. However, this growth has often been outside the city's planned framework and has created unofficial neighborhoods and unfair buildings in terms of design and high. Also, the lack of cadastre in some areas of Kfri has given people more freedom to build without regard to civil standards.

Kfri, as one of the cities of Garmian region, is not excluded from this phenomenon and in recent years due to rapid development and lack of appropriate civil plans, faced many problems of vision pollution .. In this study we will focus on pollution The factors of vision pollution in the city include (publishing verbs and wires of private and public electricity, various construction materials and materials, advertising scarves, empty land between housing, high-income buildings and housing, using various colors in coloring housing and institutions, etc.) several recommendation to reduce this phenomenon.

**المستخلص**

يعد تلوث البصرى أحد المشكلات البيئية التي تُرى في معظم المدن في هذا العصر ، ولكن لها تأثير مباشر على الصحة العقلية والبدنية للناس ، والقيم الاجتماعية ، وحتى على اقتصاد المنطقة ، تعتبر البصرى واحدة من القضايا الحساسة التي تم منحها أهمية كبيرة اليوم. يجب أن نشير إلى أن مراكز الحضرية ، وخاصة المدن الرئيسية في العالم ، وخاصة في البلدان المتقدمة أو المتقدمة حديثًا ، أصبحت مكانًا لظهور تلوث البصرى . العديد من المشاكل المختلفة, الهدف من هذه الدراسة هو اظهار عوامل تلوث البصرى فى مدينه كفرى ، وتحديد تأثير التلوث البصرى على مدينة و السكان.

يعد تلوث البصرى نوعًا من الاضطرابات البيئية في نفس الوقت الشعور بعدم الارتياح عندما ننظر إلى مكان يتم تشويه جماله بطريقة لا تتناسب مع البيئة الطبيعية والقيم الدينية والحضارات الاجتماعية .كفرى، التي تقع في منطقة گرميان في جنوب كردستان، هي مدينة تاريخية لها تاريخ طويل. شهدت المدينة تطورات كبيرة منذ عام ٢٠٠٣ ، خاصة في السنوات الأخيرة ، لكن هذا التطور لم يكن دائمًا في إطار عمل مخطط ومنظم. حاليًا ، شهدت مدينة كفري نمواً سريعاً في السنوات الأخيرة بسبب السكان وإعادة الإعمار. ومع ذلك ، فقد كان هذا النمو غالبًا خارج الإطار المخطط للمدينة وخلق أحياء غير رسمية ومباني غير عادلة من حيث


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

التصميم وعلى ارتفاع. أيضا ، فإن الافتقار إلى المسافر في بعض مناطق كفري منح الناس المزيد من الحرية في البناء دون اعتبار للمعايير المدنية.

لم يتم استبعاد كفري ، كواحدة من مدن منطقة غارمي ، من هذه الظاهرة ، وفي السنوات الأخيرة بسبب التطور السريع والافتقار إلى الخطط المدنية المناسبة ، واجهت العديد من مشاكل التلوث في البصرى. في هذه الدراسة ، سنركز على تلوث العوامل المتبادلة ، والملوثات المتبادلة ، وتشمل الإسكان ، وينتشرون في الإسكان ، وينشر الإسكان في الإسكان ، والبلاط المتنوع في الإسكان ، والملون. الإسكان و المؤسسات ، وما الى ذالك هذه الظاهرة.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

# شيكردنەوەیەکی جۆگرافی بۆ پیسبوونی بینین لە شاری کفری (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار)

نرمین عبدالله محمد[1]
كلية التربية الاساسية , قسم العلوم اجتماعيه ,جامعة گرميان ,كلار , العراق
Narmin.abdulla.@garmian.edu.krd
سەرکەوت حمەخورشيد أحمد[2]
sarkawt.hamakhurshid@garmian.edu.krd
قسم الطب, كلية الطب, جامعة گرميان، كلار، العراق

**پوختە-:**
پیسبوونی بینین یەکێکە لەو کێشە ژینگەییانەی کە لە سەردەمی ئێستادا زۆربەی شارەکان بەدی دەکرێت بەڵام کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی خەڵك، بەها کۆمەڵایەتییەکان، و تەنانەت سەر ئابووری ناوچەکە، پیسبوونی بینین یەکێکە لەبابەتە هەستیارەکان لەم ڕۆژگارەدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین سەنتەری شارنیشینەکان بەتایبەتی شارە گەورەکانی جیهان بەتایبەت وولاتانی دواکەوتوو یان تازە گەشەسەندوو بوونەتەجێگەی سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین بووەتە مایەی چەندین کێشەی جۆراوجۆر، ئامانج لەم توێژینەوەیەش دەرخستنی فاکتەرەکانی پیسبوونی بینینە لە شاری کفری ، دیاری کردنی کاریگەری ژینگەی پیسبووی بینین لەسەر شارو دانیشتوان.
پیسبوونی بینین ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی تێکچوونی هاوسەنگی ژینگەیی لە هەمانکاتدا هەستکردنە بە نائارامی کاتێك سەیری شوێنێك دەکەین جوانیەکەی شێوێنراوە بە جۆرێك ناگونجێت لەگەڵ ژینگەی سرووشتی و ئاوهەواو بەها ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان و شارستانیەکان، شاری کفری، کە دەکەوێتە ناوچەی گەرمیان لە باشووری کوردستانی عێراق ، شارێکی مێژوویە کە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. ئەم شارە لە دوای ساڵی (2003) و بەتایبەتی لە ساڵانی دواییدا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئەم گەشەسەندنە هەمیشە لە چوارچێوەیەکی پلاندارێژراو و ڕێکخراودا نەبووە. لە ئێستادا، شاری کفری لە ساڵانی دواییدا گەشەیەکی خێرای بەخۆوە بینیوە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و ئاوەدانکردنەوە. بەڵام ئەم گەشەیە زۆر جار لە دەرەوەی چوارچێوەی پلانی شاری بووە و بووەتە هۆی دروستکردنی گەرەکی نافەرمی و بینای ناهاوجوان لەروی دیزاین و بەرزی. هەروەها، نەبوونی تاپۆ لە هەندێك ناوچەی کفری، ئازادی زیاتری داوە بە خەڵك بۆ بیناکردن بەبێ ڕەچاوکردنی ستانداردی شارستانی.
شاری کفری، وەك یەکێك لە شارەکانی ناوچەی گەرمیان ، لەم دیاردەیە بەدەر نییە و لەم ساڵانی دواییدا بەهۆی گەشەسەندنی خێرا و نەبوونی پلانی گونجاوی شارستانی، ڕووبەڕووی چەندین کێشەی پیسبوونی بینین بووەتەوە.. لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر پیسبوون و چەمکی پیسبوونی بینین و فاکتەرەکانی پیسبوونی بینین لە شارەکەدا، بریتین لە(بڵاوبوونەوە عامودو وایەری مۆلیدە ئەهلیەکان و حکومی ، جۆراوجۆری مواد و کەرەستەی بیناسازی، لافیتەوە پۆسترە ریکلامیەکان، زەوی چۆڵ لەنێوان نیشتەجێبوونەکان و ، بەرزونزمی بیناو نیشتەجێبوونەکان ، بەکارهێنانی رەنگی جۆراوجۆر لەرەنگ کردنی ی نیشتەجێبوونەکان و دامەزراوەکاندا،...هتد ) چەندین ڕاسپاردە بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە.

كليلى ووشەكا(پيسبوون، بينين، هۆكارەكانى پيسبوونى بينين، شارى كفرى)

**پێشەكی :-**

دیاردەی پیسبوونی بینین زۆر بەئاسانی مرۆڤ هەستی پێدەكات ، چونكە ئەودیاردانەن ڕاستەوخۆ مرۆڤ دەیانبینێ سەرنجیان دەدات وە مرۆڤ ڕۆڵی هەیە لەدرووستبوونی ئەم دیاردەیە ، كاریگەری زۆری هەیە لەسەر باری تەندرووستی مرۆڤ چونكە مرۆڤ بە بینینی دیمەنی ناهەموارو قێزەوەن و جۆراوجۆری ڕەنگەكان كاردەكاتە سەر دڵ و دەروونی مرۆڤ و باری نائارامی كاریگەری لەسەر تەواوی تەندرووستی مرۆڤ هەیە.

شار بریتیە لە پێگەیەكی دەستكرد كە مرۆڤەكان بە ویستی خۆیان بە پێی پێویستیە ژیارییەكان لە ناو هەناوی ژینگەی سروشتیدا دورستیان كرد، ژیانی شارستانی و شارنشینی یەكێكە لە سیماكانی پێشكەوتنی رەوتی ژیانی مرۆڤایەتی، وە یەكێكە لە داهێنانەكانی پەرەسەندنی ژیانی كۆمەڵایەتی كە بەرهەمی باش و سەرسوڕهێنەری بۆ مرۆڤایەتی دەستەبەركردووە، چەندان دیاردەی تازەی بە مرۆڤ بەخشی، پێشكەوتنی بەردەوام و خێرای داهێنا، دەركەوتنی پیشەسازی و پێشكەوتن لەبواری تەكنەلۆژیاو ئامێرەكان وچەندان پێشكەوتنی تری پێشكەشی مرۆڤایەتی كرد، بەڵام سەرئەنجام هەر ئەم پێشكەوتنانەش بوونەهۆی پیسبوونی ژینگە، بەتایبەتی دەركەوتنی چالاكیە پیشەسازیەكان لە سەرەتای سەدەی(18)لە شانشینی یەكگرتوو.

كە لەگەڵ تێپەڕبوونی كات بە هەموو جیهاندا بڵاوبوویەوە بە شێوەیەكی گەورە كاریگەریان لە پیسبوونی ژینگە كرد لە جیهاندا. پیسبوونی ژینگە لەمڕۆدا بووەتە گرفت و كێشەی گەورە لە هەموو شوێن و پێگە جوگرافیایەكاندا بە تایبەتی لە وولاتانی تازە گەشەسەندوو، هەموو جۆرەكانی پیسبوون بۆ خۆیان كاریگەری نێگەتیڤیان هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی، ئەوەی كە جیاوازە تێیدا ئەوەیە كە ماوەی دەركەوتنی كاریگەرییەكانیان جیاوازە، هەندێك پیسكەرەكان بۆ ماوەی كورت كاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر مرۆڤ بەجێدەهێڵن هەندێكی تریان دووردا كاریگەریان دەردەكەوێت، بەشێوەیەكی گشتی مادده پیسكەرەكان دەبنە سێ بەشی سەرەكیەوە ئەوانیش(پیسكەرە كیمیایەكان - پیسكەرە فیزیایەكان - پیسكەرە بایەلۆژیەكان)، ئەوەی ئێمە لەم لێكۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت بیخەینەڕوو لەچوارچێوەی پیسكەرە بایەلۆژیەكاندا كە پیسەكەری ڕواڵەتین كە مرۆڤ بە ئاسانی هەستان پێدەكات و ناتوانێت خۆی لێبپارێزێت، ئەویش پیسبوونی بینینە، مەبەست لە پیسبوونی بینینیش بریتیە لەبوونی دیمەنی ناشرین و ناڕێك و پێك كە بەسەیركردنی مرۆڤ بێزاردەبێت یان دەتوانین بڵێین پیسبوونی بینین كێشەیەكی جوانیەو ئاماژەیە بەكاریگەریەكانی پیسبوونی ژینگە كەتوانای بینەر بۆ چێژوەرگرتن لە بینین كەم دەكاتەوە،

دەستەواژەیەكە بە شێوەیەكی فراوان بەكاردێت بۆ داپۆشینی بینین، ئەم پیسبوونەش بەشێوەیەكی گشتی بەهەمی مرۆڤن كێشەیەكن لە كێشە ژینگەیەكان بەتایبەتی لە ناوندە شارنشینیەكاندا، ئەم كێشەیە بەهۆی فراوان بوونی خێرای شارەكان لە ماوەی(20)ساڵی ڕابردوودا، ئەم پەرەسەندنە خێراییەی ژینگەی شارەكان بووە هۆی دەركەوتنی جۆرەها پیسبوون لە ژینگەی شاردا، لە دەرئەنجامی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان چالاكیە جۆربەجۆرەكانیان لە پرۆسەی بیناكاری و ئاوەدانی نیشتەجێبوونەكانە و خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرە كۆمەڵایەتیەكان كە گرنگن بۆ ژینگەی شارستانی.

**كێشەی توێژینەوەكە:-**

دیاردەی پیسبوونی بینین لە شارەكادا بەتایبەتی شارەكانی وڵاتانی تازە پێشكەوتوو گرفتێكی بەرچاویە ژینگەییە كێشەی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت بەم شێوەیە دیاری بكرێت:

1 – ئایا زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری کفری کاریگەری هەبووە لەسەر پیسبوونی ژینگەی بینین ؟

2 – ئایا نەبوونی هۆشیاری ژینگەیی هۆکارە بۆ دیاردەی پیسبوونی بینین؟

**. گریمانەی توێژینەوە:**

1 – بێگومان ئەم زۆربوونەی ژمارەی دانیشتوان لە شاری کفری کاریگەری هەبووە لەسەر فراوانبوونی شارەکەو زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان و دەستگێرەکان لەسەر شەقامەکان دووکەڵی هاتووچۆو قەرەباڵغی ترافیك و چالاکی ئابووری ڕۆڵی هەبووە لەسەر پیسبوونی بینین لە شاری کفری.

2 - نزمی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی و لاوازی بواری زانستی لە بواری بیناسازی و پلاندانانی شارو هەڵبژاردنی شوێنی ئەنجامدانی چالاکییەکانی مرۆڤەکان جوانکاری بیناسازی و بێگومان ئەمانە هۆکارن بۆ درووستبوونی پیسبوونی بینین لە شاردا.

**گرنگی ئەم توێژینەوە**

**توێژینەوە لەسەر پیسبوونی بینین و لەشاری کفری چەندین لایەنی گرنگی هەیە:**

**گرنگی زانستی و ئەکادیمی:-**

1 - دەبێتە بناغەیەک بۆ توێژینەوەی زانستی لەسەر پیسبوونی بینین لە ناوچەیەکی دیاریکراو کە کەمتر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

2 - بۆشاییەک پڕدەکاتەوە لە زانیاری ئەکادیمی سەبارەت بە کاریگەری ژینگەیی لە ناوچەکانی کوردستان و عێراق.

3 - دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ بەراوردکردنی دۆخی کفری لەگەڵ شارەکانی دیکەی هەرێم و عێراق

**گرنگی پراکتیکی:-**

1 - یارمەتی بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی شاری کفری دەدات لە ناسینی کێشەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە.

2 - بناغە دادەنێت بۆ پلانی باشتری شارەوانی و بیناسازی لە داهاتوودا.

3- دەبێتە هۆی باشترکردنی کوالێتی ژیانی دانیشتوانی شار.

**گرنگی کۆمەڵایەتی:-**

1 - هۆشیاری کۆمەڵگا زیاد دەکات سەبارەت بە کاریگەری نەرێنی پیسبوونی بینین.

2 - هاندەری هاوڵاتیان دەبێت بۆ بەشداریکردن لە چاکسازی ژینگەیی.

دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ژینگەی شار.

**گرنگی ئابووری:-**

1 - دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی بەهای موڵک و خانوو لە شاری کفریدا.

2 - هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران و وەبەرهێنان لە ئەگەری چاکسازی ژینگەی شار.

3 - کەمکردنەوەی خەرجی پاکردنەوە و چاکسازی لە درێژخایەندا.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە ڕێبازێك یان چەند ڕێبازێك هەیە بۆ گەیشتن بەباشترین ئامانج ، لە توێژینەوەکەماندا پشتمان بەستوە بە ڕیباوی تیوری و مەیدانی توێژەر ڕیبازی زانستی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بابەتی ناوکتێب و گۆڤارو نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا کەبەدەستکەوتوون ، لەم توێژینەوەشدا پشتبەستراوە بە گەڕان و

سەردانی مەیدانی لە ناوچەی توێژینەوەو لەگەڵ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان تایبەت بە توێژینەوەکە.

**ئامانجی توێژینەوە:-**

ئاشکرایە کە پیسبوونە بەرچاویەکان کاریگەری خراپ دەکەنە سەر لایەنی دەروونی مرڤ، ئامانج لەم توێژینەوەیەش دەرخستنی فاکتەرو ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینینە لە شاری کفری ، دیاری کردنی کاریگەری ژینگەی پیسبووی بینراو لەسەر شارو دانیشتوان، خستەڕوی ڕێکاری پێویست بۆ کەمکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی کەبوونەتەهۆی دروستبوونی پیسبوونی بینین لە شارەکەدا.

**هۆکارو هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:-**

هۆکارو هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەو بۆ پیسبوونی بینین لە شاری کفری، فڕێدانی پاشماوەکان و نزمی ئاستی ڕۆشنبیرو و ژینگەیی و بڵاو بوونەوەی بانگەشەو پۆستەرەکانی ڕیکلام و جۆراوجۆری مەوادی بیناسازی و نووسینی سەردیوارو وێرانبوونی شوێنەوارە مێژوویەکان هتد..) کەبوونەتەهۆی تێکدانی دیمەنی شاری کفری ، ژینگەی ناوچەکە پیسبوونی بینینە، ئەم پیسبوونەش کاردەکاتە سەر تەندرووستی و دەروونی مرۆڤ.

**ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە:**

**1 – کەمی سەرچاوە بەزمانی کوردی لەسەر پیسبوونی بینین پەنامان بردۆتەبەر ئەوسەرچاوانەی بەزمانی عەرەبی هەبوون.**

**2- پێنەدانی زانیاری گرنگ لەلایەن دام و دەزگا حکومیەکان.**

**3 – لەکارە مەیدانیەکاندا ڕووبەڕووی هەندێ خەڵك بووینەوە کە ڕیگربوون لە وێنەگرتن.**

**پلانی توێژینەوەکە :-**

**ئەم توێژینەوەمان دابەشکردووە بۆ چوار باسی گرنگ لەوانە باسی یەکەم چەمکی پیسبوونی ژینگەو و پیسبوونی بینین و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین، باسی دووەم دەرئەنجامە خراپەکانی پیسبوونی بینین، باسی سێیەم جۆرەکانی پیسبوونی بینین لە شاری کفری، باسی چوارەم چۆنیەتی چارەسەرکردنی پیسبوونی بینین لە شارەکە.**


**دیاریکردنی شوێن و پێگەی شاری کفری:-**

شوێن بایەخێکی گرنگی هەیە لە ڕووی جوگرافیاوە، شوێن یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی فەلسەفەی جوگرافیا ، ناتوانین لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی جوگرافیا بکەین ئەگەر نەیبەستینە شوێنەوە ، لەبەرئەوەی جوگرافیا وەکو زانستەکانی تر گرنگی دەدات بە دیاردەکان شوێنیش سەبارەت بەجوگرافیا بەمانای دابەشبوونی پەیوەندییەکان دێت(مەلا ڕەئوف ،2012، ل52).

شاری کفری یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و شوێنەکەی دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانی عیراقەوە(محمد، ، 1999،ل15)، هەڵکەوتەی جوگرافیای شاری کفری تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەڕووی جوگرافیاوە، چونکە لە نێوان هەردوو هەرێمی لێك جیاوازدایە ئەویش هەرێمی چیایی و هەرێمی دەشتاییە ، کفریش وەکو دەروازەیەکە بۆ هەردوو هەرێمەکە(خەیات، 2004، ل 139)، سنوری ئەم شارە لە ڕۆژهەڵاتەوە قەزای کەلارەو لەبەشی ڕۆژئاوایدا قەزای خاڵسە ، لەباکورەوە قەزای دووزخورماتووە و لە باشووریشەوە ڕووباری سیروانە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتیەوە پارێزگای دیالەیە (جەلولاو خانەقینە )( سوسە، ، 1952، ص52)، بەدووری(125کم)، دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی

پارێزگای کەرکوکەوە(شاکەلی، ، 2012، ل 15))، سنوری ناوخۆی شارەکە لە باکورەوە زنجیرە چیای باوەشاسوارەو لە ڕۆژهەڵاتەوە زنجیرە چیای ناساڵەحە لە باشووری ڕۆژئاوایەوە دەشتایەکی بەرفراوان و بەپیتە بووەتە سنوری ناوچەکە(علی، ، 2004، ل 139)، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە چەمی کفری تێدەپەڕێت و لەیەکگرتنی هەردوولقی (قوشە چاپان و بەکرەشەل ) درووست دەبێت(عزیز، 2013، ل 86).ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە کەوتۆتەنێوان هەردووهێڵی درێژی(44،56 –44،80) ، هێلەکانی بازنەی پانی (34،38 -34،40)، ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە دەگاتە (308) هکتار بڕوانە نەخشەی ژمارە(1).

نەخشەی ژمارە(1)ناساندنی ناوچەی توێژینەوە




کاری توێژەر پشتبەستن بە: (Arc.GIS10.8 )

حکومەتی هەرێمی کوردستان،بەڕێوبەرایەتی شارەوانی کفری، 2025.

**باسی یەکەم : چەمکی پیس بوونی ژینگە و پیسبوونی بینین و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین :-**

**پیسبوونی ژینگە-:**

بەشێوەکی گشتی وشەی پیسبوونی ژینگە تلوث االبیئە ( Environmental pollution-لە بواری زانستی کیمیادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆری توخم وئاوێتە کیمیایانەی بەڕادەیەکی دیاری کراو ڕەوشی ئاسایی نێوان پێکهاتەکانی(خاك و ئاو و هەوا) تێك دەدەن، ئەمەش کارێکی ناسروشتیەو دەبێتە هۆی گۆڕین و تێکدانی سستەمی ئاسایی سروشت و ژیانی هەموو زیندەوەران(امین, ,2009ل7.)، گۆڕانکاریە ئاووهەوایەکانی گۆی زەوی لە ماوەی 50 ساڵی ڕابردوودا، بوونەتە هۆی دودڵ کردن و دروستکردنی دڵەڕاوکێ لای زانایان و دەوڵەتەکان، بەهۆی کاریگەرییە خراپەکانی پیسبوونی ژینگە لەسەر ژیان و لایەنەکانی ژیان، ئەمەش بووە هۆی داگیرکردنی شوێنی تایبەت لە بەرنامەی زۆربەی وڵاتان، بەتایبەتی پاش کارابوونی ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحوکمیەکان کە لەبواری پەرەپێدانی ئاووهەواو ژینگەدا کاریان دەکرد(خنسی, ,2012ل35).

، مرۆڤ لە ئەنجامی دەستکاری کردنی زۆری یاسا سروشتیەکانەوە بۆ بەرهەم هێنانی ژینگەیەکی گونجاوتر بۆ ژیانی، مەترسیەك لەسەر ژیانی دروست بوو،ئەویش پیسبوونی ژینگە بوو، مرۆڤ لە دروستکردنی ژینگە شارستانیەکاندا سودی لە ڕەگەزە سروشتیەکان وەرگرتووە. ئەم جارەیان بەویستی خۆی ڕێکیخستوون، هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە مرۆڤ کاری زۆری کرد لە تێکەڵ کردن و ئاوێتە کردنی ماددەی جیاواز بۆ بەرهەم هێنانی ماددەی تازە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی،دەرکەوتنی پیشەسازەکانیش ئەو راستیە دەسەلمینێ، کە دواجار خودی پێشکەوتنی پیشەسازی هۆکاری سەرەکی پیسبوونی ژینگە بوون(محمد, سەرچاوەی پێشوو، ل59)، وشە و چەمکی پیسبوونی ژینگەیش گوزارشتێکە بۆ ئاماژە کردن بە چەندین دیاردە وسەرچاوە پیسبوون لەوانە ئەوگۆڕانکاریانەی کە چالاکیە پیشەسازیەکان و ئامرازەکانی هاتوچۆ بەهۆی دوکەڵ و زبڵ و پاشماوانەی کەلە ئاو وهەواو خاکدا دروستی دەکەن، هەروەها گوزارشتە لەو زیانە لاوەکیانەی کە لە ئەنجامی چالاکیەکانی مرۆڤدا دێنەکایەوە بەمەبەستی گەشەپێدان و نۆژەنکردنەوە، وەك:دروستکردنی بەندا، بڕین و لەڕەگەوە دەرهێنانی داری دارستنەکان بەمەبەستی کشتوکاڵی، لێدانی جۆگەکان بەمەستی ئاودێری، بەکارهێنانی پەینی کیمیای بەمەستی زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی....هتد، هەروەها زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و هەبوونی دەنگە بەرزەکان کەلە ئامرازەکانی هاتووچۆ دەردەچن، وەك ئۆتۆمبیل و فرۆکە...هتد)(بەلبةع, ,2013ل26).

**چەمکی پیسبوونی بینین:-**

پیسبوونی بینین یەکێکە لە گرنگترین کێشەکانی شارو کێشەکانی سەردەمی ئێمە دادەنرێت ، مەترسی لەسەر داهاتووی شارەکان درووست دەکات بووەتە کێشەیەکی گەورەی ژینگەیی لەم سەدەیەدا جێگەی سەرەنجی توێژەران بووە،

پیسبوونی بینین دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەژیانی مرۆڤ و سەروەت و سامانی شارەکان ، ئەمە جگە لەوەی کاریگەری بەرچاوی پیسکەرەکان لەسەر موڵك و سامانی مرۆڤ و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی ژینگە ، کە مەترسی لەسەر ژیانی نەوەکانی داهاتوو درووست دەکات، بۆیە پیسبوون بەهەر چالاکیەکی درووستکراوی مرۆڤ دادەنرێت(مبروك، 2022، ص193).

پیسبوونی بینین ئاماژەیە بۆ ئەو هەموو شێواندنانەی کە لە ئەنجامی هەڵەی تەلارسازی و ریکخستنی پێشێلکارییەکانی تەلارسازی شارەکانەوە سەرهەڵدەدەن، هەموو ئەم دیاردانە کە خۆیان دەرکەوتنی نەرێنین زیان بەدەوروبەریان دەگەیەنن زۆرجار کاریگەری نەرێنیان لەسەر ژینگەو کۆمەڵگا دەبێت، پیسبوونی بینین چەمکی فراوانترو گشتگیرتر لە خۆ دەگرێت وەکو هەر دەستکردێکی درووستکراوی مرۆڤ وەسف دەکرێت کە زیانی بۆ مرۆڤ هەبێت و

ناسرووشتی بێت و لەگەڵ توخمەکانی دەوروبەریدا ناتەبا بێت بەم شێوەیە ژینگەی دەوروبەر پیس دەکات، پیسبوونی بینین بە شێواندنی هەر ڕوانگەیەك دادەنرێت کە چاوی مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە دەبیتە هۆی نارەحەتی دەروونی(لطیف، ، 2017،ص 281)

پیسبوونی بینین هەرشتێکە کە زیان بە پیسبوونی بینین بە شێواندنی هەر ڕەوانگەیەك دادەنرێت کە چاوی مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە ، ئەمەش دەبێتە هۆی نارەحەتی دەروونی لە کاتی بینین ، هەروەها بەنەبوونی سەلیقەی هونەری وەسف دەکریت ، یان نەمانی وێنەی جوانکاری هەمووشتێکی دەوروبەرمان ، جا بینا بێت یان شۆستە یان شتی تر(حسن، ، 2011، ص182).

پیسبوونی بینین جۆرێکە لە جۆرەکانی پیسبوون و بریتیە لە بوونی دیمەنی نارێك و پێك ناشرین کە مرۆڤ بەسەیرکردنی بێزار دەبێت ، پیسبوونی بینین زیاتر دەستکردی مرۆڤە ، هەموو شێوە نارێك و پیکە ناشرینەکان دەگریتەوە کە لە ژینگەدا بوونی هەیە ئاژاوەی بینینی درووستکردووە وەکو (کەڵەکەبوونی پاشەڕۆ، تابلۆکانی ڕیکلام ، تاوەرەکانی تەلەفۆن..هتد)کە بەتەماشاکردن و بینینیان هەست بە بێزاری دەکرێت ، پیسبوونی بینین بریتییە لە گۆڕانکاری بۆ تێکچوونی (سیستەمی ژینگە Ecology system) بە شێوەیەك کە ژینگە ئیفلیج بکات نەهێڵێت ڕۆڵی سرووشتی خۆی ببینێ و خۆی خاوێن بکاتەوە لە پیسەکان و (نەقشبەندی ، 2017،ل344).

پیسبوون بریتییە لە یەکێك لە وێنەکانی ژینگە و شێرزەبوونی هاوسەنگییەکەی ، وەك پیسبوونی هەوا و خاك..هتد، ئەگەر چی هەندێك لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە سرووشتین وەکو لافاو گڕکانەکان و بوومەلەرزە بەڵام زۆربەی هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە دەگەرێتەوە بۆ بۆ ئەو هەڵسووکەوتە تێنەگەیشتوانەی کە مرۆڤەکان بەکاریدەهێنن(علاوی، 2013، ل195)

پیسبوونی بینین واتا شێواندنی شارێك کە لە ئەنجامی پشتگوێخستنی تاك و دامەزراوە و دەزگاو کۆمپانیاکان بەهۆی نەبوونی پلانی ڕێکخراو نەبوونی یاساکانەوە درووست دەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی جوانیەکانی شار و زیانگەیاندن بەبینینی چاو کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤەکان هەیە، تێڕوانینێکی نەرێنی بۆ ئەو ژینگە شارییەی کە تێدا دەژین (الصبیح، 2012، ص20)، کەواتە یسبوونی بینین (Visual Pollution) بریتییە لە هەموو ئەو دیمەنە ناخۆشانەی کە جوانی و ئاسودەیی بینینی ژینگەمان تێکدەدەن، وەک بڵاو بوونەوەی ڕیکلامەکان و بیناسازی خراپ و نارێك و زبڵ و پاشماوەکان ،پیسبوونی بینین یەکێکە لە کێشە پشتگوێخراوەکانی شارەکانمان، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان. پێویستە خەڵک و حکومەت بەهاوبەشی کاربکەن بۆ چارەسەری.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین:-**

هەرچەندە پیسبوون زۆر لە مێژەوە دروست بووە، بەڵام گرنگیدان بەم پرسە مەترسی دارە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە، سەرەتا گرنگی دانەکە لەسەر(ئاو و هەوا و ئاو خاك) چڕکرایەوە، چونکە دانیشتوانی شارە گەورەکانی پیشەسازی بەهۆی تەمێکی دوکەڵاوی لە شارەکانیان تێبینی پیسبوونی ئاو پیسبونی هەوایانکرد، پیسبوونی ئاو بووە هۆی مردنی بوونەوەرەکانی نێو ڕووبارو دەریاچەکان، هەروەها پسیبوونی هەوا بوەهۆی زۆربوونی نەخۆشی جۆراوجۆر لە شارەکاندا، دواتر چەمکی پیسبوونی فراوان بوو پیسبوونەکانی تریشی گرتەوە، وەك پیسبوونی خاك و پیسبوونی بینین و پیسبوون بە ژاوەژاو...هتد، جگە لەمانەش چالاکیە مرۆییەکان لە بوارەکانی کشتوکاڵی وپیشەسازی ڕۆڵی مەزنیان لە پیسکردنی ژینگەدا گێڕا(بقلبةع, مصدرسابق, ص114-115. )

**لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین بریتین لە-:**

**1 - هۆكاره سیاسیەكان -:**

ئاشكرایه دامەزراوه سیاسیەكان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیەو ڕۆڵیان هەیه له جێگیربوون و پێشكەوتنی كۆمەڵگاكان، هەر لەم ڕوانگەوه فاكتەره سیاسیەكان ڕۆڵی بەرچاویان له چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ژینگەدا هەیه، بەشی زۆری پیسبوون دەگەڕێتەوه بۆ ئەو هەڵه سیاسیانەی كه له مێژوو و ئێستادا ڕوویان داوه، فاكتەره سیاسیەكان لەم ڕەهەندانەی خوارەوەدا كار لەسەر پیسبوونی ژینگەی بینراوی شار دەكەن، لەوانەش-:

**جەنگەكان:-** جەنگ وەك كردەیەكی سیاسی دەوڵەتان ڕۆڵی زۆریان له پیسكردنی ژینگەدا هەبووه و هەیه، سەرەڕای پاشماوەكانیشیان وەك پاشماوەیەكی جەنگی دەمێنێتەوه، كه دواتر پیسبوونی ژینگەی بینراوی لێدەكەوێتەوه لاوازی دەوڵەت و ناسەقامگیری سیاسی بڵاوبوونەوەی ئاژاوەگێڕی بەهۆی شەڕەكانەوه بووته هۆی گرنگی نەدان بەتەواوكردنی پرۆژەكانی شارەكان و وەكو ئەوەی پلانی بۆ دانراوه ، ئەمەش دەبێتەهۆی سەر هەڵدانی كێشەی گەشەی هەڕەمەكی و بڵاوبوونەوەی بیناسازی و كه پێشێلكردنی بەكارهێنانی زەوییه (رجب، 2017، ص237).

**2 - هۆكاری ئابووری-:**

فاكتەری ئابووری یەكێكه لەوهۆكاره گرنگانەی كه بەشداره ، له زیادبوونی پیسبوونی بینین ، وولاتانی تازه پێگەیشتوو خاوەن توانای ئابووری سنووردارە داهاتیان كەمه ئەمەش دەبێته هۆی لەناوبردنی ژینگه پشتگوێ خستنی پاك وخاوێنی ژینگه داپۆشینی بیناكان بەوكەرەستانەی كەجۆرێك له شێواندن و ئاڵۆزی بەناوچەو بیناكان دەبەخشن(رجب، مصدر صابق، ص237) ، هەژاری و بیكاری لاوازی هۆشیاری كەلتووری و كۆمەلایەتی هۆكارن بۆ لەناوبردنی جوانی شار و زیادبوونی دەركەوتەكانی پیسبوونی بینین لەشاردا، بەلام وولاتانی پێشكەوتوو خاوەن ئابوورییەكی پتەوه ئاستی ژیانیان بەرزه بوونی ریساو یاساكانیان هەیه كه دانیشتوانیان پێوه پابەندن، له ئەنجامدا هۆشیاری باشی كۆمەلایەتی و كەلتووری و ژینگەیی لیدەكەوێتەوه، ئەمەش بووەتەهۆی شاردنەوەی ئەم جۆره پیسبوونه له شارەكانیاندا(الجبوری، 2018، ل26) ، لەهەمانكاتدا گەشەكردنی ئابووری بواری تەكنەلۆجیا بوەتەهۆی دروستبوونی چەندین بینای كارگەو گەورەو زیادبوونی پاشماوەكان. هۆكاربوون بۆدرووسبوونی پیسبوونی ژینگه(حسێن،2022، ل120).

**3 - نەبوونی سەرچاوەیەكی دارایی:**- زۆرجار دەبێتەهۆی تیكچوونی ژینگەی شارەكان پشتگوێخستنی پاك وخاوینی گشتی و شێواندنی جوانی دیمەنی شارەكان.( الجالی، ، 2022،ص 580 ).

**4 - ئاستی نزمی هۆشیاری و رۆشنبیری و ژینگەیی:** نەبوونی هوشیاری له پاك وخاوێنی گشتی وەكو بەهایەكی جوانكاری هەڵسووكەوتی خراپی بەشێك له دانیشتوان زیاتر سەلیقەی گشتی دەشوێنێت زیان بەسیمای جوانكاری شار دەگەیەنێت ، نزمی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی و لاوازی بواری زانستی له بواری بیناسازی و پلاندانانی شارو هەلبژاردنی شوێنی ئەنجامدانی چالاكییەكانی مرۆڤەكان جوانكاری بیناسازی و بێگۆمان ئەمانه هۆكارن بۆ درووستبوونی پیسبوونی بینین له شاردا، ئاستی لاوازی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری بەتایبەتی پەروەردەیی ژینگەیی كاریگەری نەرینیان لەسەر ژینگەی شار هەبووه به دەگمەن تاكێك دەدۆزینەوه كه ژینگه بپارێزن ژینگەیەكی پاك و سەرەنجڕاكێش له سەرانسەری هەموو پێكهاتەكانیدا له شارەكاندا درووست بكەن، بۆیه پێویسته بەرنامەی فێركردنی گشتی و هوشیاركردنەوه بەرفراوان ئەنجام بدرێت تا خەڵك بزانن كاریگەریی ڕەفتارەكانیان لەسەر پیسبوون لەسەر تەندروستی چییه ( الویس، 2013، ص 49) .


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

**5 - هۆکاری کارگێری نەبوونی سیستەمێکی کارگێری بەڕێوبردن:** لاوازی یاساکان لە خراپی بەکارهێنانی بەشەجیاوازەکانی شار دەبێتەهۆی لەناوبردن و سرینەوەی یان لاوازی سیستەمی شارستانیەت لەشاردا دواجار وێرانکردنی ناوچەکە لەڕووی تەندروستی و بیناسازی و بینینەوە(المشهدانی، ،2016،ص481 )،

**6 - هۆکاری ئاوەدانی و گەورەبوونی شارەکان :** بێگومان فراوانبوونی ڕوپێوی سەنتەرە شارنیشینەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەبێ پلان دەبێتەهۆی دروستبوونی کوچەوکۆڵانی تەسك و داخراو پیچاوپێچ لە ناوشارەکاندا ئەمەش بەهۆی نزمی ئاستی نەخشە کیشان و پلاندانان و جوانکاری لەکاتی دیزاینکردندا ، بێگومان ئەمەش سەرئەنجام سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین کە دەروون و چاوی مرۆڤ بێزاردەکەن(حسێن، سەرچاوەی پێشوو،ل 120).

**7 - فراوانبوونی ژێرخانی شارەکان:** فراوانبوونی ژێرخانی شارەکان لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە دروست دەبێت، جاسرووشتی بێت یان بەهۆی فراوانبوونی دانیشتوان و کۆچەوە ، پیویستی بە خزمەتگوزاری و نیشتەجێبوون و ژێرخانی زیادکردووە، ئەم زیادبوونەبەرچاوەی ژمارەی دانیشتوان بووتەهۆی نەتوانینی دامەزراوە حکومیەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دابینکردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان ، ئەمەش دەبێتەهۆی زیاتربوونی کێشەکانی شارو دیاردەی پیسبوونی بینین لە شاردا(کنبر، ،2022،ص21).

**8 - هۆکاری پەیوەندیدار بەلایەن کەسێکی دیاریکراو:** یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین لە شاردا هەندێك جار بڕیارەکانی حکومەت خزمەتی کۆمەڵگە بەگشتی ناکەن بەتایبەت لە وڵاتە دواکەوتووەکان تایبەتن بە دەستەیەك یان کەسێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی حەزو ئارەزووەکانی کەسێك یلن لایەنێك پرس و ڕاویژ بە کەسانی پسپۆررو شارەزا ناکەن پشتگوێیان دەخەن بێگومان ئەمان سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی دیاردەی پیسبوونی بینین لەشاردا(حسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل 120).

**9- گەشەی دانیشتوان :**

گەشەی دانیشتوان بەیەکێك لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت لەبواری لێکۆڵینەوە لە دانیشتوانی هەر ووڵاتێك یان هەرێمێك یان شاریك ، چونکە زیادبوونی دانیشتوان هۆکارێکی سەرەکیە و ئاماژەیە بۆ گۆڕان لە ژمارەی دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا(أمین، 2014، ل 211)، ، زۆربوونی بەردەوامی گەشەی دانیشتوان چ سرووشتی بێت یان بەهۆی کۆچکردنەوە بێت لە شارە بچووکەکان و گوندەکانەوە بۆ شارەکان ئەمەش ڕۆڵی هەیە لەسەر فراوانبوونی شارەکان زیادبوونی پێویستی بە خزمەتگوزاری و ژێرخانی و نیشتەجێبوون ، ئەم زیادبوونەی ژمارەی دانیشتوان بووتەهۆی ناتەواوی دەزگاکانی شارەوانیەکان لە پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێویستیان پێیەتی بۆ ئەو کۆچبەرانە، بەمەش کێشەکانی شار گەورەتر دەکەن و دەبنەهۆی سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین لە شاردا (الجبوری، 2018، ص25) بەوگۆڕانەی ژمارەی دانیشتوان دەگوترێت گەشەی دانیشتوان گومانی توێدا نیە شاری کفری وەکو ناوەندیکی شارنیشینی مێژوویەکی کۆنی هەیە،بەسەرنجدان بە خشتەی ژمارە(1) بۆمان دەردەکەوێت شاری کفری لە نێوان ساڵانی(1957بۆ 2024) زیادبوون و گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە .

هەروەها بە پێی سەرژمێری ساڵی(1957) ڕێژەی دانیشتوان (8075) کەس بووە و لە ناوەندی شاردا ژیاون، لە ساڵی(1965) ژمارەی دانیشتوان گۆڕانی بەسەردا هاتووە گەیشتۆتە (9743)کەس، بەهۆی بە گوێرەی سەرژمێرەی و ئامارەکان ژمارەی دنیشتوان ناوەندی شار لەساڵی(1977) ، گەیشتۆتە(13405) کەس، هەروەها لەساڵی (2003) دوای پرۆسەی ئازادی

عێراق قۆناغێکی تر بوو لە گەشەی دانیشتوانی شارەکە، بەهۆی کۆچکردنی زۆرێك لە گوند نیشینانی گوندەکانی دەوروبەری شارەکە بۆ ناو شارو بە شێوەیك هەندێ لە گوندەکان چۆڵبوون، هەروەها هاتنی خەڵکی ئاوارەو لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حوکمەتی عێراق بەهۆی دۆخی ناسەقامگیری ئەوناوچانەو وبوونی شەرو وێرانکاری و دروستبوونی گروپە چەکداریەکان، بۆیە بە پێی ئامارو داتا ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لەساڵی(2017) (36255)کەس بووە، هەروەها ژمارەی دانیشتوان بەرزبۆتەوە بۆ(60000)کەس،لەساڵی(2024))کەس.( بەرێوبەرایەتی ئاماری کفری،2025)، بێگومان ئەم زۆربوونەی ژمارەی دانیشتوان لە شاری کفری کاریگەری هەبووە لەسەر فراوانبوونی شارەکە زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان و دەستگێرەکان لەسەر شەقامەکان دووکەڵی هاتووچۆ و قەرەباڵغی ترافیك و دووکەڵی کارگەکان و چالاکی پیشەسازی بازرگانی و چالاکی ئابووری زۆرتر ڕۆڵی هەبووە لەسەر پیسبوونی بینین لە شاری کفری.

خشتەی ژمارە(1)دانیشتوانی شاری کفری لە نێوان ساڵانی (1957 - 2024)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| 1957 | 8075 |
| 1965 | 9743 |
| 1977 | 13405 |
| 1987 | 17250 |
| 2002 | 25788 |
| 2017 | 36255 |
| 2024 | 60000 |

حکومەتی هەرێمی کوردستان, بەرێوبەرایەتی ئاماری کفری، زانیاری بڵاونەکراو، 2025.

**باسی دووەم: دەرئەنجامە خراپەکانی پیسبوونی بینین:--**

پیسبوونی بینین یەکێکە لەگەورەترین کێشە ژینگەییەکانی جیهان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستی و مرۆڤ و ژینگە هەیە ، لەگرنگترین دەرئەنجامە خراپەکانی پیسبوونی بینین بریتین لە.

**یەکەم: کاریگەرییە دەروونیەو ڕەفتارییەکان:-**

ژینگەی شار بەشێکی تایبەتە لەوژینگەیەی کە مرۆڤ تیدا دەژی و ئەم ژینگەیە خاوەن توانای کاریگەری لەسەر باری دەروونی و ڕەفتای ئەو تاکانەیە لەوێ نیشتەجێن ، دیاردەی دەروونی و ڕەفتارییەکان لە مرۆڤدا لە ڕێگەی درووستبوونی پرۆسەو حاڵەتە دەروونیەکانی ناوەوە ڕوودەدەن ، ئەمەش بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی کاریگەر و کاریگەری بینراوی یەکتر لە نێوان تاکەکان و ژینگەی شارەکەیاندا (جعفەر ، 2013، ص7)

یەکێکە لە مەترسیدارترین کاریگەرییەکانی پیسبوونی بینین، کاریگەری لەسەر تەندروستی و دەروونی هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەیە، ئەم پیسبوونە چەندین کاریگەری نەرێنی هەیە یەکێکیان کاریگەری دەروونیە ، ئەو ژینگەیەیە کە مرۆڤ تێدا دەژی ، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە کۆنترۆڵکردنی ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانیدا، چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەرییە دەروونیەکانی پیسبوونی بینین ئەنجامدراون گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی هەیە لە

نێوان پەستانی خوێن و شەکرەو برینی گەدەو نەخۆشی تورەیی ڕیخۆڵەلە لەئەنجامی باری دەروونی کەسەکەوە درووست دەبێت(خلف، 2018 ص105)
مێشك ناوەندی سەرەکیە کە هەموو کارەکانی جەستەی مرۆڤ و چالاکییە دەروونی و ڕەفتارییە جوڵەییەکان کۆنترۆڵ دەکات، ، دەروون هێزی بزوێنەرە لە پشتەوە، بەرپرسە لە ڕەفتارو کاردانەوەکانی مرۆڤ بەرانبەر بەکەسێك یان ڕووداوێك لە ژینگەی دەورووبەریدا ، ئەمەش لە شێوەی جۆراوجۆردا ڕەنگدەداتەوە ، وەکو نەخۆشی دڵتەنگی و تورەیی ورژاندنی دەمار، بەهۆی گرنگی نەدان بە کەرتی تەندرووستی بەکاریگەرییەکانی پیسبوونی بینین (الفتلاوی، 2023،ص 122).

**دووەم: کاریگەری لەسەر تەندروستی:-**

زۆربەی کاریگەرییە تەندرووستیەکانی پیسبوونی بینین لە پیسبوونی زبڵ و خاشاکەوە سەرچاوەدەگرێت ، بەوپێیە کەڵەکەبوونی زبڵ وخاشاك لە ناوچە نیشتەجێبووەکاندا نەخۆشی بڵاودەکاتەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئاژەڵە هەڵگرەکانی نەخۆشی و مێروولەکانی دەورووبەریان ، ئەم دیمەنانە لە شاردا دەبێتەهۆی بێزاری دانیشتوان دەبێتەهۆی پیسبوونی بینین لە ژینگەی شارەکاندا ، ئەمەش هاوکات لەگەڵ نەبوونی هوشیاری تەندروستی ولاوازی سیستەمی کۆکردنەوە و فڕێدانی زبڵ و خاشاك ، لەوانەیە ببێتەهۆی زیانێکی گەورە ، دەبێتەهۆی بڵاوبوونەوەی بۆنی ناخۆش و هەڵگیرساندنی ئاگر کاریگەری خراپی هەیە بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە نەخۆشی تەنگەنەفەسی و حەساسیەتیان هەیە، پاشان دەبێتەهۆی دابینکردنی ژینگەیەکی باش بۆ کۆکردنەوەی مێروو مێشوولە کە دەبنەهۆی سکچوون و کۆلێرا و هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی و تێکچوونی بینین و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکانی ئاژەڵ(سەعید ، 2016، ص577) .
سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی کاریگەرییە بینراوەکان لە شەقام و گەرەکەکانی ژینگەی شاردا یەکێکە لەوکاریگەرییە دیارانەی کە زیان بە چاوەکان دەگەیەنن کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگە هەیە حاڵەتێکی بێزاری لە نێو ئەو کەسانە دروست دەکات کە تەماشایان دەکات ، پاشان کاریگەری خراپ لەسەر تەندرووستی جێدەهێڵێت، چ لە رووی دەروونی و چ لە رووی جەستەییەوە چونکە فشاری دەروونی زیاپیسبوونی بینین یەکێکە لە گەورەترین گرفتە ژینگەییەکانی جیهان کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و دووری درێژخایەنی لەسەر تەندروستی مرۆڤ و ژینگە هەیە. دەکات پزیشکەکان ئەو میکانیزمە ڕووندەکەنەوە کەپیسبوونی بینین کاریگەری لەسەر مرۆڤ دەبێت(دریول، ، 2024، ص699).
زۆرێك لەونەخۆشییە دەروونیانەی بەهۆی پیسبوونی بینین درووست دەبن زۆرجار دەگۆڕدرێن بۆ نەخۆشییە جەستییەکان، هەروەها شێواندنی بینین کاریگەری هەیە لەسەر تەندرووستی و وەکو سەرئێشەو شەقیقەو تێچوونی دەمارەکان، توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە فشارە بەردەوامەکانی ژینگە تێکچوونی دەروونی نەخۆشی خیراتر دەکات تاك لەکانی بەرکەتنی فشارە ژینگەییەکان تووشی دڵە ڕاوکێ دەبێت و هەست بە نائارامی دەکات لەوژینگەیەی تێدا دەژی ، کاتێك تاك هەست ناکات لە ژینگەیەکی پاك دەژی(الموسوی، 2017، ص158).

**سێیەم: کاریگەرییەکانی شێواندنی ڕەنگاوڕەنگ:-**

ڕەنگەکان یەکێکە لەوتوخمە بنەڕەتیانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر دەروونی مرۆڤ هەی، کاتێك ڕەنگەکان سەیر دەکرێن هەستەکان دروست دەکەن کە دەنێردرێت بۆ مێشکی مرۆڤ ، هەستێکی ئەرێنی یان نەرێنی بۆ کەسەکە دەبەخشێت، بەواتایەکی تر ڕەنگەکانی ناوژینگە دەتوانن خۆشی و دڵتەنگی و یان خەمۆکی بهێنن(جعفەر، مصدرسابق،


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

ص63).زۆرێك لە توێژینەوە دەروونیەكان ئەوەیان دەرخستوە كە پەیوەندییەكی نزیك لە نێوان ڕەنگەكان و ئاسوودەیی دەروونی مرۆڤ هەیە ، ئەمەش لە ڕووی زانستیەوە سەڵمێنراوە ، ڕەنگە ئارامەكان كاریگەری ئەرێنیان هەیە لە هێورکردنەوەی ڕووحدا ، ڕەنگە گەشاوە بە رووناكییەكی بەهێزو تێربوونی بەرزو ورژاندنێكی كاریگەرتر بەرهەم دێنن لە چاو ڕەنگەكانی كەم تێربوون ، ڕەنگەكان كاریگەرییەكی بەهێزیان لەسەر دەروونی تاك هەیە ، ڕەنگە ڕەنگی دڵخۆشكەر بۆ چارەسەركردنی ئەو كەسانە بەكاربهێنرێت كە تووشی خەمۆكی بوون(النعيمی، ، 2006، ص23)

**چوارەم: كاریگەرییەكانی شێواندنی ڕووناكی:-**

شێواندنی ڕووناكی یەكێكە لە توخمەكانی پیسبوونی بینین ، لەم دوایانەدا بەهۆی زۆربوونی نیشانەكانی ڕووناكی و بە قەبارەو ڕەنگی جیاوازەوە بڵاوبونەتەوە ، بەكارهێنانی نادرووستی ڕووناكی دەبێتەهۆی كرژبوونی چاو ، كە بە ماندوێتی بینین ناسراوە ، بەسووربوونەوەی چاو دەناسرێت ، ئەم نیشانانە زیاتر لە شەودا ڕوودەدەن كاتێك بەر ڕووناكی ڕاستەوخۆ دەكەوێت ، لەكاتی تەركیزكردن لەسەر ئامانجێكی دیاریكراو ، ماسوولكەكانی چاو دەتوانن كرژبن ، ئەمەش دەبێتە هۆی خورانی چاو (الشختوره، 2013، ص2)

**پێنجەم: كاریگەرییە دەروونی و ڕەفتارییەكانی شێواندنی جوانكاری ژینگەی شارەكان**

پیسبوونی بینین كاریگەری هەیە لەسەر جوانكاری ژینگەی شارەكان بەبەراورد لەگەڵ جۆرەكانی تری پیسبوون، چونكە هۆكارەكانی ئەم پیسبوونە بەچاوی مرۆڤەوە دیارە ، بەپێچەوانەی پیسكەرەكانی دیكەی وەكو پیسبوونی ئاوو یان هەوا ، كە تێیدا تێكچوونی توخمە پێكهێنەرەكان بە شێوەیەكی نەبینراو ڕوودەدات ، بەڵام پیسبوونی بینین كاریگەریان لەسەر جوانكاری ژینگەی شارەكان هەیە پیسبوونی بینین كیشەیەكی ئاڵۆزە بووتەهۆی شێواندنی جوانكارییەكانی واقعی شارستانی هاوچەرخ، تێگەیشتن لەكاریگەرییە دەروونیەو ڕەفتارییەكانی پیسبوونی بینین لە ژینگەی شاردا لایەنێكی گرنگە كە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت ، دەبێتەهۆی هەستكردن بە بێزاری و خەمۆكی لە ڕادەبەدەر (الفتلاوی، مصدر سابق، ص126 ).

**باسی سێیەم : جۆرەكانی پیسبوونی بینین لە شاری كفری لێكۆڵینەوەی كێوماڵی:-**

1 - **بڵاوبوونەوەی بانگەشەو پۆستەرەكانی ڕیكلام(الدعایە العلامیە):-** لافیتە و پۆستەرە ڕیكلامیەكان دەكرێت بەیەكێك لە بەر چاوترین دەركەوتەكانی پیسبوون دابنرێن بەتایبەتی لە شارەكاندا، بەشێوەیەكی گشتی پۆسەتەرو لافیتەو ڕیكلامی بازرگانی و سیاسی دەگرێتەوە كە لە ناو شاردا بڵاوبوونەتەوە بەتایبەتی لەنێو بازارەسەرەكیەكەی شارو شەقامەكانی شاردا، لە ئەنجامدا دەبنە هۆی شاردنەوەی وێنەی جوانی شار وكەم كردنەوەی توانای تاك لە چێژوەرگرتن لە بینین كەم دەكەنەوە،( الخطین-, 2019,ص 60 ) بازاڕەكان و شەقامەكانی كفری پڕن لە تابلۆی ڕیكلام كە زۆربەیان بەبێ ڕێكخستن و پلان هەڵواسراون. ئەمەش دیمەنێكی نارێكوپێك و شێواوی دروست كردووە لە ناوەندی شار و گەڕەكە بازرگانییەكان. بڕوانە وێنەی ژمارە(1)

وێنەی ژمارە(1) ڕیکلامی حزبەکان لە کاتی هەڵبژاردن



کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

**2-پیسبوون بەهۆی زبڵ و خاشاکی ماڵ و دوکان و کارگەکان:-** بڵاوبوونەوەی زبڵ و خۆڵ وخاشاك لەسەر شۆستەو شەقامەکان هەروەها ئەوحاویانەی یان شوێنانەی کەلەسەر شەقام و کۆڵانەکان و ناوچەبازرگانیەکان هەڵدەگیرێت دیمەنێکی ناشرین دەبەخشن بەناوچەکە(حسێن،سەرچاوەی پێشوو، ل 121)، لە هەندێك ناوچەی کفری، کێشەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك و پاشماوە و کەڵەکەبوونی لە شوێنە گشتییەکان بووەتە هۆی دروستبوونی دیمەنی ناشیرین و هەروەها کێشەی تەندروستی. ئەمەش تا رادەیەك بۆ کەمی ئاگایی هاوڵاتیان و نەبوونی سیستەمێکی کارا بۆ کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك دەگەڕێتەوە.سیمای جوانی شارستای شارەکەی شێواندووە. بڕوانە وێنەی ژمارە(2)

وێنەی ژمارە(2) پیسبوون بە خۆڵ و خاشاك



کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

**3 - جۆراوجۆری مەوادی بیناسازی:-** هەمەچەشنی ئەو موادانەی کەلە بواری بیناسازید بەکار دەهێنرین، ئەم ڕواڵە پیسبوونە زۆر بەڕوونی لە هەموو گەڕەکەکانی شاری کفری دەردەکەوێت، کە مادەی جۆربەجۆر لە بیناسازیدا بەکاردەهێنریت بێ گوێدانە لایەنی ڕێکخستن ودیزانی شارەکە وەك(بلۆك، چیمەنتۆ،کەچ،کاشی،مەرمەڕ وحەلان ......هتد)ئەم مادانەش بەگشتی جۆرێك لە ناڕێکی و دیمەنی ناشرینی لە بینا سازی شارەکەدا دروست کردووە،

بەشێوەی گشتی لایەنی بەرپرسی شار وشارەوانی کفری بەرپرسن بەرامبەر ئەو ناڕێکە لە بیناسازی شارەکەدا، کە دەرئەنجام جۆرێك لە ناهاوسەنگی پیسبوونی بینینی لە شارەکەدا دروستکردووە و چارەسەرکردنیشیان ئەستمە . بڕوانە وێنەی ژمارە(3)

وێنەی ژمارە(3) جۆراوجۆری مەوادی بیناسازی






کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

4-**بەرزونزمی بیناکان:-**بەرزونزمی بیناکان یەکێکە لە پیسبوونە بەرچاوییەکان لە شاری کفری، هەندێك لە بینای ماڵەکان لە چەند نهۆمێك پێکهاتووە هەندێکی تری لە یەك نهۆم پێك هاتووە بەتەنیشت یەکەوە، هەروەها جیاوازی لە رووبەی زەویە تەرخانکراوەکان بۆ بۆیەکە نیشتەجێبوونەکان لە خانوویەکەوە بۆ خانویەکی تر، ئەم پێکداچوون و جۆراوجۆریەش لە یەکە نیشتەجێبوونەکان بوەتەهۆی نارێکی دیزاینی خانووەکان، کە سەرئەنجام کار لەسەر بینین و دروستبوونی پیسبوونی بینین دەکەت لە شارەکەدا بڕوانە وێنەی ژمارە(4).

وێنەی ژمارە(4) بەرزونزمی بیناکان



کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

**5 - ستون وهێڵەکانی گواستنەوەی کارەبا"عامودو وایەری کارەبای حوکمی ومۆلیدە ئەهلیەکان":**-بڵابوونەوەو پێکداچوونی عامود و وایەری کارەبای، کارەبای حوکمی و مۆلیدە ئەهلیەکان لە ناو شاری کفری یەکیکی ترە لە هۆکارەکانی پیسبوونی بینین، بەهۆی ئەو ئاڵۆزی و بەیکداچوونانەی وایەری کارەبا و عامودی کارەبا کەلە بڵاوبوونەوەی گەیاندنی کارەبا بۆماڵان دروستبووە، بۆتە هۆی دروستکردنی دیمەنی ناشرین و ناڕێك لە شارەکەدا، سەرەڕای ئەوە بوونی مۆلیدە ئەهلیەکان نەك تەنها هۆکاری پیسبوونی بینینن، بەڵکو بەهۆی ئەو ماددەو دەرهاویشتانەی کە دەیکەنە هەواوە کاریان لە پیسبوونی هەوایش کردووە لە شارەکەدا، هۆکاری سەرەکی لە بڵاوبوونەوەی مۆلیدەکانیش نەبوونی کارەبای حوکمیە پێویستە بۆ شارەکە. بڕوانە وێنەی ژمارە(5)

وێنەی ژمارە(5) عامودو وایەری کارەبایی



کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

**6 - نوسین لەسەر دیوار:**-دیاردەی نووسین لەسەر دیوار و بیناو دامەزراوەکان یەکێکی ترە لە ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لە شاری کفری ، خویەکە لە خوەکانی گەنجان لە ناوچەی توێژینەوە کە ڕفتارێکی ناشارستانیە، لەسەر دیوارەکان چەندین دروشم و نوسراو نوسراون بەتایبەتی دورشمی هاندانی تیپە وەرزشیەکان و پڕوپاگەندەی پارتە سیاسیەکان و چەندان وشە و وێنەو دەستەواژەی جۆراوجۆری تر، ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لە شاردنەوەی ڕوکاری بیناکان و ڕوخساری بنەڕەتیان، ئەمەش ڕواڵەتی ناشرین و نارێك وپێکی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی پیسبوونی بینین لە شارەکەدا. بڕوانە وێنەی ژمارە(6)

وێنەی ژمار(6) نووسینی سەردیوار



کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

**7 - زەوی نیشتەجێبونی چۆڵ لە نێوگەڕەکەکاندا:**- ئەم حاڵتە یەکێکی ترە لە ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لە ناوچەی توێژینەوە ، بەتایبەتی لەگەڕەکە تازە بنیاتنراوەکانی شاری کفری بەزۆری بەدی دەکرێت کە ئەمەش نارێکی و دیمەنی ناشرین بەشارەکەی بە خشیوە ، سەرەڕای ئەوەش زۆربەی ئەم زەویانە نەك هەرخۆیان یەکێکن لە ڕواڵتەکانی پیسبوونی بینینی شار، بەڵکو بونەتەجیگەی کۆبوونەی زبڵ و پاشماوەی ماڵان کە دیمەنێکی قێزەون و ناشرستانی دروستکردووە لەنێوگەڕەکەکانی شاردا. بڕوانە وێنەی ژمارە(7).

وێنەی ژمارە(7) زەوی نیشتەجێبونی چۆڵ لە نێوگەڕەکەکاندا



کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

**8 - بەیەکداچوون لە بەکارهێنانی زەویدا:**-لەڕووی تێکەڵ بەکارهێنای زەویەوە لەشاری کفری ،پێکداچونێکی زۆربەدی دەکرێت، بەڕادەیەکە لەتەنیشت مزگەوتێکەوە یەکەی نیشتجێبوونی ماڵان و بەتەنیشت ئەمیشەوە خوێندنگایەك یان نەخۆشخانەیە یاخود دوکان و مارکێت وکۆگاو

شوێنی پیشەسازی...هتد دەبینرێت، ئەم تێکەڵ بەکارهێنانەی زەویش لە شارەکەدا بوەتەهۆی نارێکی و تێکەڵبوونی دیاردەکانی بەزونزمی یەکەکان و تێکەڵ بوونی یەکە رووبەر گەورەکان و یەکە رووبەر بچوکان، کە سەرئەنجام جۆرێك لەدیمەنی نارێك وپێکی بینین و پیسبوونی بینین بەشارەکە دەبەخشن. بڕوانە وێنەی ژمارە(8)

وێنەی ژمارە(8) بەیەکداچوون لە بەکارهێنانی زەویدا



کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

**9 – عەرەبانە و دەستگیرو فرۆشیارە گەڕۆکەکان:**-بەیەکێکی تر لە ڕواڵەتەکانی پیسبوونی شار دادەنرێن، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەتایبەتیش بەهۆی خراپبوونی دۆخی ئابووری کە کوردستانی گرتۆتەوە، بووەتەهۆی زۆربوونی ئەم دیاردەیە لەشارەکاندا بەتایبەتی شاری کفری ،بەجۆرێك کە فرۆشیارو دەستگێڕەکان لەتەواوی گەڕەکەکان و شوێنە جیاوازەکانی شاری کفری زیادیان کردووە، کە کاڵاو شومەکەکانین لە ڕێگەی دەستگێڕەکانەوە لەناو کۆڵانەکانی شاردا ساغ دەکەنەوە وەبەتایبەت مادده خۆراکیەکان لە سەوزەو میوە، ئەم حاڵەتەش بووەتە هۆی دروستکردنی پیسبوونەکانی بینین و بیستن(ژاوەژاو) لەشاردا. بڕوانە وێنەی ژمارە(9)

وێنەی ژمارە(9) عەرەبانە و دەستگیرو فرۆشیارە گەڕۆکەکان



کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

**10 - وێرانی شوێنەوارە مێژووییەکان:**

کفری خاوەنی چەندین شوێنەواری مێژووییە، بەڵام هەندێك لەم شوێنەوارانە لەبەر نەبوونی چاودێری و پاراستنی پێویست ڕوویان لە وێرانبوون کردووە، کە ئەمەش بووەتە هۆی لەناوچوونی بەشێك لە ناسنامەی مێژوویی شارەکە.

وێنەی ژمارە(10) وێرانی شوێنەوارە مێژووییەکان



کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

**11 - بینا تەواونەکراوەکان:-**

کاریگەری بینا تەواونەکراوەکان لەسەر پیسبوونی بینین لە شاری کفری ، شاری کفری وەکو زۆربەی شارەکانی تر ڕووبەڕووی کێشەی ئەم پیسبوونە بوونەتەوە بینا تەواونەکراوەکان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان، سیمایەکی شێواوی لە شارەکە درووست کردووە ، بڕوانە وێنەی ژمارە(11)

وێنەی ژمارە(11) بینا تەواونەکراوەکان



کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2025/9/8

**باسی چوارم: چۆنیەتی چارەسەرکردنی پیسبوونی بینین لە شاری کفری:**

پیسبوونی بینین زۆر بەئاسانی درکی پێدەکرێت لەبەرئەوەی مرۆڤ بە ئاسانی دەیانبینێت و زۆرئەستەمە مرۆڤ خۆی لییان بپارێزێت لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییەکی زۆریشی هەیە لەسەر تێکدانی باری دەروونی مرۆڤ چونکە مرۆڤ بەبینینی دیمەنی ناهەموار و قێزەون وەکو شوێنی داڕووخاو شوێنە پیسەکان هەست بە بێزاری دەکات، چارەسەری ئەم کێشەیە لە ڕێگەی حکومەت و هاوڵاتیان و سیستەمی بەڕێوبردنی وولات و باری ئابووری و ئاوەدانکردنەوەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەدواداچوونی بەردەوام لەسەر پلان و دیزاینی باڵەخانەکان ، بۆ کەمکردنەوەی ئەم جۆرە پیسبوونە گرنگە پێویستە گرنگی بە خاوێنی جۆری ڕەنگ و ئەندازەیی پرۆژەکان و پلانەکانی حکومەت و کۆمپانیاکان بدرێت(عبدالقادر،

2011،ل97) ، ئەو ڕێگایانەی دەتوانرێت پیسبوونی بینینی پێی کۆنترۆڵ بکرێت لە شاری کفری بریتین لە:-

**1 - داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ ڕێکخستنی شار:**

پێویستە ئیدارەی شاری کفری پلانێکی دوورمەودا بۆ گەشەپێدانی شار دابنێت کە تیایدا جەخت لەسەر ڕێکخستنی دیمەنی گشتی شارە بکرێتەوە. ئەم پلانە دەبێت بەشدارپێکردنی هاوڵاتیان و پسپۆڕانی بواری شارستانی و پلاندانان لەخۆ بگرێت.

**2 - داڕشتنی یاسا و ڕێنمایی بۆ کۆنترۆڵکردنی ریکلام و تابلۆ:**

پێویستە یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە هەڵواسینی تابلۆ و ریکلام لە شاری کفری داڕێژرێت کە تیایدا قەبارە، شوێن، و شێوازی تابلۆکان دیاری بکرێت. هەروەها پێویستە لیژنەیەکی تایبەت بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانە پێکبهێنرێت.

**3 - باشترکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی پاشماوە:**

باشترکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی پاشماوە و خۆڵ و خاشاك لە ڕێگەی دابەشکردنی تەنەکەی زبڵ لە شوێنە گشتییەکانی شاری کفری و دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ کارمەندانی پاککردنەوە. هەروەها گرنگە هاوڵاتیان هان بدرێن بۆ بەشداریکردن لە پاککردنەوەی ژینگە.

**4 - ڕێکخستنی وایەر و کەیبڵی کارەبا و ئینتەرنێت:**

پێویستە لە شاری کفری پلانێك هەبێت بۆ ڕێکخستنی وایەر و کەیبڵی کارەبا و ئینتەرنێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەیبڵی ژێرزەوی یان یەکخستنی ئەو وایەرانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك.

**5 - پارێزگاریکردن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکان:**

پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە پارێزگاریکردن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانی کفری و بەکارهێنانیان وەك سەرچاوەی ڕاکێشانی گەشتیار و زیندووکردنەوەی ناسنامەی کەلتووری شارەکە.

**6 - بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان:**

پێویستە پرۆگرامی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە ڕێگەی میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و قوتابخانەکان جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لە گرنگی جوانی شار و زیانەکانی پیسبوونی بینین تێبگەن.

**7 - خستنەگەڕی پرۆژەی سەوزکردن و دروستکردنی پارکی گشتی:**

پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە سەوزکردنی ناوچەی توێژینەوە و دروستکردنی پارك و باخچەی گشتی ، چونکە رووەك و درەخت کاریگەری ئەرێنی لەسەر جوانکردنی و کەمکردنەوەی پیسبوونی بینین هەیە لە ناوچەی توێژینەوە.

**8 - یارمەتیدانی خاوەن دوکان و بازرگانان:**

بۆ یەکسانکردن و ڕێکخستنی تابلۆی دوکان و بازارەکان، دەکرێت شارەوانی کفری یارمەتی هونەری و تەکنیکی پێشکەش بە خاوەن دوکان و بازرگانانی شاری کفری بکات. هەروەها دەکرێت جۆرێك لە هاندان بۆ ئەو بازرگانانەی کە ڕەچاوی جوانی دوکان و تابلۆکانیان دەکەن (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : ئەرسەن جەودەت: بەڕێوبەری باخچەکانی کفری، لەبەرواری 7/ 9/ 2025 )

**دەرئەنجام:-**

1 - شاری کفری یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و شوێنەکەی دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانی عیراقەوە، هەڵکەوتەی جوگرافیای شاری کفری تایبەتمەندی

خۆی هەیە، لەڕووی جوگرافیاوە، چونکە لە نێوان هەردوو هەرێمی لێك جیاوازدایە ئەویش هەرێمی چیایی و هەرێمی دەشتاییە.

2- بێگومان ئەم زۆربوونەی ژمارەی دانیشتوان لە شاری کفری کاریگەری هەبووە لەسەر فراوانبوونی شارەکە زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان و دەستگێڕەکان لەسەر شەقامەکان دووکەڵی هاتووچۆ و قەرەباڵغی ترافیك و دووکەڵی کارگەکان و چالاکی پیشەسازی بازرگانی و چالاکی ئابووری زۆرتر ڕۆڵی هەبووە لەسەر پیسبوونی بینین لە شاری کفری.

3 - -پیسبوونی بینین پێناسە دەکرێت بە ڕەگەزە بینراوە ناسرنج ڕاکێشەکان، جا ئیتر ئەو ڕەگەزانە ڕەگەزی سروشتی بن یان دروستکراو کاریگەری نەرێنی لەسەر بیرو هیزری بینەر دروست دەکەن و کاریگەری خراپ لەسەر لایەنی دەرونی بینەر بەجێدەهێڵن، یان دەتوانین بڵێین پیسبوونی بینین بریتیە لە تێکچوونی هەردیمەنێك کە چاوی مرۆڤ لەکاتی بینینیادا هەست بە ئاسودەی دەرونی ناکات، یاخود شاردنەوەی جوانی ئەو شتانەیە کە لە دەوروبەرمانن.

4 - ئەگەر چی ڕفتارە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ پابەندی مێژووی ژیانی کەسەکانە، بەڵام یەکێك لەو پاڵنەرانەی کاریگەری لەسەر رفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ دادەنێن ژینگە و شوێنی نیشتەجێبوونیەتی، بۆیە ژینگە و پیسبوونی ژینگە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە، جوانی و ناشرینی ژینگە وشوێن کە دەوری مرۆڤیان داوە بۆی دەبن بە ژینگەو کاریگەری لەسەر رفتارو پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی دەبێت.

5 - لە توێژینەوەکەماندا بەو دەرئەنجامەگەشتین کە زۆرترین ئەو ڕەگەزەکانەی بەشدارن لە پیسبوونی بینین لە شارەکە بریتین لە(بڵاوبوونەوە عامودووایەری کارەبای کارەبا حوکمی و مۆلیدە ئەهلیەکان، جۆراوجۆری مواد و کەرەستەی بیناسازی، لافیتەو پۆسترە ریکلامیەکان، ئەرزەی چۆل لەنێوان نیشتەجێبوونەکان و بوونی زبڵ وخاشاك لە ناو ئەو زەویانە ، ، بەرزونزمی بیناو نیشتەجێبوونەکان، ، بەکارهێنانی رەنگی جۆراوجۆر لەرەنگ کردنی یەکە نیشتەجێبوونەکان و دامەزراوەکاندا، نوسین لەسەردیوار، عەرەبانەو دەستگێرەکان، ، ...هتد).

**ڕاسپاردەکان :-**

1 - دانانی سزا بۆ خاوەن دوکاندارەکان لەناوچەی توێژینەوە کە زیادە ڕەوی دەکەن لە هێنانەدەرەوەی کاڵاکانیان بۆ سەرشەقامەکان.

2 - بڵاو بوونەوەی هۆشیاری و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ژینگەی و بەرزکردنەوەی هەستی بەرپرسیارێتی لای تاکەکانی کۆمەڵگا لە سەرجەم چین و توێژەکاندا، بەتایبەت لە ناوچەی توێژینەوە تاهەموو لایەك بەیەکەوە کاربکەن بۆ پاراسنتی ژینگە و پاکڕاگرتنی دیمەن و سیمای شار.

3 - دانانی پلانی مۆدێرن بۆ شار و دانانی کەسی پسپۆر لەو جێگانەی کە پەیوەندنی بە شارەوانی و ژینگەی شاروە هەیە، هەروەها هەوڵی حوکمەت بۆ گەشەپێدانی شاری کفری و سەوزکردنی شارەکە لە ڕێگەی ناشتنی نەمام و دروستکردنی پارك لەنێو شاردا .

4 - کاربکرێت لە لایەن حوکمەت و شارەوانی شارەکەوە بۆ داپۆشین و لە چاڵنانی تورەکانی گواستنەوەی کارەبا لە شاردا کە دیمەنێکی ئاڵۆز ناشرینیان دروستکردووە لە شارەکەدا و دابینکردنی کارەبای پێویست بۆ شارەکەو نەمانی مۆلیدە ئەهلیەکان.

5 - ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەکی گرنگی گەشتیارە دەکرێت بە پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لەلایەن حوکمەت و بەرپرسانی شارەکەوە گرنگی بەم کەرتە بدرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکرنەوەی ئابووری شارەکە، کەبێگومان باری ئابووری و داراییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان

هەیە لە هەر کۆمەڵگـایەکی نیشـتەجێبوون، بەهەمـان شـێوەش ڕۆڵە و گرنگیـان هەیە لە دەرکەوتـن و دەرنەکەوتنـی پیسبوونی بینین لە شـارەکاندا، ئەوشـارانەی کە توانـای ئابووریـان لاوازە، هەموو شێوەکانی دیاردەی پیسبوونی بینین لە شارەکەدا دەردەکەوێت، بە پێچەوانەیشەوە ئە شارانەی کە ئابوری بەهێزیان هەیە ڕوڵەتەکانی پیسبوونی بینین کەم دەردەکەون.

**سەرچاوەکوردییەکان:-**


1 - ئەمین. عەزیز ئەحمەد،(2014) کیمیای ژینگە پیسبوونی ئاووهەوا،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

2 - أمین، هـاوڕی یاسین محمد ، (2014)لێکۆڵینەوەیـە لـە جوگرافیـای هـەرێمی کوردسـتان، چـاپی سێیەم ، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی.

3 - بەلـبەع. دکتـۆر عەبـدولمونعم،(2013) پیسـبوونی ژینـگە گرفتێکـی جیهـانیە و هەڕەشـە لە مـرۆڤ دەکـات، و.سەلاح سەعدی،چاپخانەی نارین، هەلێر.

4 - حسێن، بێستوون أحمد ،(2022) ، جوگرافیای شارو کێشەکانی شارنیشینی، چاپی یەکەم، هەولێر.

5 - خـەیات، ئـاری عسـمان ، کفـری مانـدووەو کەسـیش نیـە لـە ڕازەکـانی بپرسـێ و تێبگـات، گۆڤـاری هەشتاو هەشت، ژمارە(2)، ساڵی یەکەم، هاوینی 2004 139)،)

6 - خنسـی، بیـوار، (2012)کارەسـات-کارەسـاتە سروشـتیی و مرۆییەکـان لێکۆڵینەوەوتـوێژینەوە، و.گەرمیـان محمد احمد،چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

7 - شـاکەلی، محمـد ،(2012) قـەزای کفـری و شـارەدێی کـەلار لـە پەنجاکانـداو پاسـەکەی حـاجی(1961-1975، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، 2012.

8 - علی، سەلام ،(2004) جوگرافیای شاری کفری، گۆڤاری هەشتاو هەشت ، ژمارە 3، ساڵی یەکەم.

9 - علاوی، محمد عبدالعزیز ،(2013) وەرگێرانی بەرزان أمین محمد، چاپخانەب چوارچرا، سلێمانی.

10 - عزیز، سهیل خورشید ،(2013)، مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تاساڵی 1958، چاپخانەی یاد.

11- عبـدالقادر، کـاروان، توانـا فخرالـدین، ئـالان نـازم،(2011) ،سـەرچاوەکانی پیسـبوونی ژینگـەو کاریگەرییەکانی چەمچەماڵ بەنموونە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

12 - نەقشبەندی، ئازاد ،(2017)، جوگرافیای ژینگە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر، چ 1،

13 - محمـد، خلیـل اسـماعیل ،(1999) دیـاریکردنی سـنوری جوگرافیـای کوردسـتانی عیـراق، چـاپی دووەم، سەنتەری برایەتی .

14- مەلا ڕەئوف، هاوڕێ ، (2012)شوێنی جوگرافی ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەورامان، سلێمانی .


**سەرچاوە عەرەبیەکان:-**


1 - سوسة، أحمد ، الاطلس الاداری،(1952) مطبعة مدیریه المسات العامة، بغداد، 1952.

2 - لطیف، بشیر ابراهیم ، (2017)،جغرافیة المدن، دار الکتب و الوثاق العراقیة ، کرکوك.


**رسالة ماجستیر و أطروحة دکتورا:-**


1 - الویس، سمیر مهدی صالح،(2013) ، التلوث البصری فی منطقة الاعمال المرکزیـة لمدینـه بعقوبـه، رسـالة ماجستیر، کلیة التربیة العلوم الانسانیه ، جامعة دیالة.

2 - الفتلاوی، مقداد جلیل عبدالرحیم ، (2023)، التلوث البصری فی مدینة مسیب- الاسباب والحلول، الجامعة الاسلامیة فی لبنان، کلیة الاداب و العلوم الانسانیه، قسم جغرافیا، رسالة ماجستیر.

3 - الجبوری، رائد أحمد یوسف عباس،(2018)، تحلیل التبـاین المکانی لمظاهر التلوث البصـری فی مدینـه کرکوك، أطروحة دکتورا، جامعة تکریت، کلیة التربیه للعلوم الانسانیه.

4 - الموسوی، ایلاف علی مرزوك، (2017)، التلوث البصری فی مدینه کربلا المقدسه، رسالة ماجستیر، کلیـه الاداب، جامعة البصرة.

5 - النعیمـی، غـادة غالـب عبدالوهـاب، 2006، أثـر خصـائص اللـون فـی تحفیـز الشـعور الایجـابی نحـو المشـهد الحضری للشارع التجاری، رسالة ماجستیر، کلیة الهندسة، الجامعة التکنلوجیة،


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

6 - جعفر، مهدي ياسين فاخر، (2013)، التلوث البصري وتأثيراتة في البيئة الحضرية المعاصرة (دراسة سايكوفيزيائية لمنطقة الجزائر- البصرة ، رسالة ماجستير ، كلية الهندسه جامعة بغداد.
7 - حسن، شكر ابراهيم (2011)، التلوث البيئي في مدينة بصرة، أطروحة دكتورا، كلية الاداب، حامعة بصرة.
8 - صبيح، علي مصطفى مهوس،2012، مظاهر التلوث البصري في مدينة بصرة، جامعة البصرة، كلية الاداب، قسم الجغرافيه، رسالة ماجستير، )
9 - كنبر، عبير حمزه عبدالامير ، (2018)، التحليل المكاني المظاهره التلوث البصري في البنه العمرانية لمدينة السماوه، جامعة المثنى، كلية التربية للعلوم الانسانية، رساله ماجستير.

**مجلة العربية:-**

1 - المشهداني، سها فاضل عباس،(2016)، أسباب و مظاهر التلوث البصري في بعض مناطق مدينة بغداد – جانب الرصافة، جامعه مستنصريه، كليه التربيه الاساسيه،المجلد22- العدد 96.
2 - الجالي، جمعة ارحومه جمعة ، (2022) ، مجلة المختار العلوم الانسانيه، مظاهرة وأسباب التلوث البصري في مدينة طبرق،عدد567- 582.
3 - الشختوره، روجينا خليل،(2013)، تأثيرالضوء والاضافه على صحة الانسان ، مجلة الديفاع الوطني، لبنان، العدد 344.
4 - الخطين، محمد انور، عبدالله عويس، (2019)، عبدالله عويس، التلوث البصري واثر على الناحيه الاجتماعية-بلده العزريه نموذجا، مجله المخطط والتنميه، العدد(4).
5 - حدة، مبروك، (2022)، دور الترقية العقارية في الحد من مشكلة التلوث البصري و تحقيق بيئة حضرية مستدامة، جامعة العربي التبسي- تبسة جزائر، مجلة الاجتهاد القضائي، المجلد 14، العدد 29.
6 - خلف، مريم خيرالله ،(2018)، التلوث البصري في مدينة الزبير، مجلة خليج العربيه،لمجلد 46، العدد (3-4)
7 - دريول، حنان حسين ،(2024)، التلوث البصري وأثرة على البيئية الحضرية لمدينة بغداد، جامعة مستنصريه ، كلية التربية الاساسية، المجلد(6)، 3 أب.
8 - رجب، اسرا موفق ،(2017)، التلوث البصري في مدينه بغداد السكن العشوائي في حي السلام نموزجا، الجامعة المستنصريه، كليه التربيه ، قسم الجغرافية، مجلة الاداب/ ملحق العدد121 .

**چاوپێکەوتنە مەیدانیەکان:**

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : ئەرسەن جەودەت: بەڕێوبەری باخچەکانی کفری، لەبەرواری 7/ 9/ 2025

**Kurdish dance was-:**

1-Amen. Aziz Ahmad, (2014) Electronic chemistry, Haji Hashem, Howler, Chap Khan.
2-Amin, the amateur of Yasin Muhammad, (2014) What is the history of Kurdistan’s history, Japanese history, Chapkhana Karech, Soleimani.،
3-Bilbaa. Dr. Abdel Monem, (2013) The computer of your Jahani style and its meanings, and Saadi’s voice, Naren’s office, Heller.
4-Hussein, Beston Ahmad, (2022), Geography of Sharo Kishkani Sharnishini, Shabi Yahkam, Hawaller.
5-Khahiyat, Aari Osman, Kafri Mandouh, and Kahsish Niyeh Lahzahkani in Parsi and Tipgat, Gevari Hashtahwahisht, Jomarah (2), (Sahih Hekhem, Hawini 2004, 139(
6-Khansi, Biwar, (2012) Karĕsat-Karĕsat Sīrūshtı wa Marıkıkın yütüyütüyüyünü, und Gürmian Muhammad Ahmad, jabi kikm, Chap Khanj, Soleimani .
7-Shakheli, Muhammad, (2012) Qahzai Kafri and Sharedi Kehlar Lah Panjakandaw Paskha Haji (1961-1975, Chakhana Karech, Kirkuk, 2012.
8- -Ali, Sohalam, (2004) The Geography of Shari Kafri, Geography of Heshtawahhesht, Jumarah 3, Sa5eh Hekhem.

9- -Allawi, Muhammad Abdel Aziz, (2013) and Harghani Behranzan Amin Muhammad, Chap Khanhab Chawarchara, Soleimani.
10-Aziz, Sohail Khurshid, (2013), May God have mercy on him, 1958, the name of God.
11-Abdel Qader, Karwan, Tawana Fakhr al-Din, Aalan Nazem, (2011), Facebook page, Facebook page, Facebook page. Bahnamuneh, Chapi Yehkehm, Chapkhana Mardin, Heholer.
12-Naqshbhandi, Ezad, (2017), Geography Zinghe, Chapkhana, Zankichi Sahahdin, Hauller, ch. 1،
13-Muhammad, Khalil Ismail, (1999) Diyari Kurdani, Sinouri, Geography of Iraqi Kurdistan, Shabi Douham, Sunnahri Baraiti.
14-Hey Haoof, Howa, (2012) A geographical overview, which has a complete copy of his book, Haoraman, Soleimani.
He was sad about his story-:
1-Sousse, Ahmed, Al-Atlas Al-Adari, (1952) General Masat Directorate Press, Baghdad, 1952.
2-Latif, Bashir Ibrahim, (2017), Geography of Cities, Iraqi House of Books and Documents, Kirkuk.
**Master's thesis and doctoral thesis-:**
1- - ١Alwais, Samir Mahdi Saleh, (2013), Visual Pollution in the Central Business District of Baqubah City, Master’s Thesis, College of Education and Human Sciences, Diyala University.
2- -Al-Fatlawi, Miqdad Jalil Abdul Rahim, (2023), Visual Pollution in the City of Musayyib - Causes and Solutions, Islamic University of Lebanon, Faculty of Arts and Humanities, Geography Department, Master’s Thesis.
3- -Al-Jubouri, Raed Ahmed Youssef Abbas, (2018), Analysis of the spatial variation of visual pollution manifestations in the city of Kirkuk, PhD thesis, University of Tikrit, College of Education for Human Sciences.
4- -Al-Moussawi, Elaf Ali Marzouk, (2017), Visual Pollution in the Holy City of Karbala, Master’s Thesis, College of Arts, University of Basra.
5- -Al-Naimi, Ghada Ghaleb Abdel-Wahab, 2006, The effect of color characteristics in stimulating positive feelings towards the urban landscape of the commercial street, Master’s thesis, College of Engineering, University of Technology،
6- -Jafaher, Mahdi Yassin Fakher, (2013), Visual Pollution and its Effects on the Contemporary Urban Environment (A Psychophysical Study of the Algeria-Basra Region, Master’s Thesis, College Engineering, University of Baghdad.
7-Hassan, Shukr Ibrahim (2011), Environmental Pollution in Basra City, PhD Dissertation, College of Arts, University of Basra.
8-Sabih, Ali Mustafa Mahous (2012), Manifestations of Visual Pollution in Basra City, University of Basra, College of Arts, Department of Geography, Master's Thesis.
9-Kanbar, Abeer Hamza Abdul-Amir (2018), Spatial Analysis of the Manifestations of Visual Pollution in the Urban Structure of Samawah City, Al-Muthanna University, College of Education for Human Sciences, Master's Thesis.
Al-Arabiya Journal:

1-Al-Mashhadani, Suha Fadhil Abbas (2016), Causes and Manifestations of Visual Pollution in Some Areas of Baghdad City - Al-Rusafa Side. Al-Mustansiriya University, College of Basic Education, Volume 22, Issue 96.
2-Al-Jali, Jumaa Arhouma Jumaa, (2022), Al-Mukhtar Journal of Human Sciences, Manifestations and Causes of Visual Pollution in Tobruk City, Issues 567-582.
3-Al-Shakhtoura, Roujina Khalil, (2013), The Effect of Light and Additives on Human Health, National Defense Journal, Lebanon, Issue 344.
4-Al-Khatin, Muhammad Anwar, Abdullah Awais, (2019), Abdullah Awais, Visual Pollution and its Impact on the Social Aspect - Al-Azriya Town as a Case Study, Al-Mukhtat wa Al-Tanmiya Journal, Issue (4.(
5-Hadda, Mabrouk, (2022), The Role of Real Estate Development in Reducing the Problem of Visual Pollution Achieving a Sustainable Urban Environment, Larbi Tebessi University - Tebessa, Algeria, Journal of Judicial Reasoning, Volume 14, Issue 29.
6-Khalaf, Maryam Khairallah, (2018), Visual Pollution in Al-Zubair City, Gulf Arab Journal, Volume 46, Issue (3-4.(
7-Drioul, Hanan Hussein, (2024), Visual Pollution and its Impact on the Urban Environment of Baghdad City, Al-Mustansiriya University, College of Basic Education, Volume (6), 3 August.
8-Rajab, Israa Muwaffaq, (2017), Visual Pollution in Baghdad City: Informal Housing in Al-Salam Neighborhood as a Model, Al-Mustansiriya University, College of Education, Department of Geography, Journal of Arts/Supplement to Issue 121.
Chaobi Kehoutna Mahydaniyah Kan:
Shawty said: “His efforts are as follows: I am blasphemous in my opinion,” by Harwari, September 7, 2025.